

# ڕێکەوتننامە لەنێو ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێران

**نووسەر: سەیید کامیل نورانی فەرد**

مێژووی خەباتی گەلی کورد دەیان راپەرین و حەماسەی شۆڕشگێرانەی بە خۆوە بینیوە و بە گەلێك قۆناغی جواوجۆر دا تێپەریوە و کەند و کۆسپی زۆری هاتۆتە بەردەم. لەتەواوی ئەو قۆناغانەدا بابەتێك هەمیشە وەك بابەتی یەکلاییکرەوە و هەرە پێوەیست بۆ سەرکەوتنی خەبات ی گەلی کورد دەست نیشان کراوە و لێدوانی لەسەر دراوە، بەڵام بەداخەوە هەوڵ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەپێی چاوەروانیەکان نەبووە و ئەو ئاواتە نەهاتۆتە دی. ئەویش بە هۆی نەبوونی یەکێتی و کاری هاوبەش لەنێوان هێز و لایەنە شۆڕشگێرەکانی کوردستان بووە.

لەدوای هاتنە سەر کاری رژیمی ئاخوندی لەئێران بۆماوەیکی کەم هەیئەتێك لەکوردستان بە ناوی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد دامەزرا. هەرچەند لەسەرەتا دا کاری باشی کرد، بەڵام بەداخەوە بە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و هەست نەکردن بە بارودۆخی هەستیاری ئەو کات لەنێوان لایەنە کوردستانیەکان، نەیتوانی درێژە بە ئەرکی خۆی بدا و تا وای لێهات هەیئەت بە کردەوە هەڵوەشایەوە و چەند حیزبێك بە جیا کەوتنە ووتوویژ لەگەڵ رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو. ئەمرۆ لەپاش ٣١ ساڵ بەسەر ئەو کاتە دیسان شاهیدی ئەو لێك تێنەگیشتنەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی کوردستانی ئێرانین و دەبینین لێکنزیکبوونەوەی هێز و لایەنەکان وەك پێداویستیەکی هەنووکەیی تەماشا ناکرێ و هەرلایەنە بۆ بردنەپێشەوەی مەرامە سیاسیەکانی خۆی کار دەکا و پرش و بڵاوییەکی زۆر لەمەیدانی خەبات ی رزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران بەرچاو دەکەوێ .

سەرەرای ئەوەی کە هێز و لایەنە سیاسیەکان لەدانیشتن و کۆبوونەوەی نێوانیان ئامادەیی خۆیان بۆ گەیشتن بەو یەکێتیە رادەگەێنن و بە وردی خاڵە باشەکان و زەرورەتەکانی پێکهێنانی ئەو یەکێتیە دیاری دەکەن و باسی لێوە دەکەن، بەڵام بەداخەوە کەمتر کردەوە بە قسەکان دەکرێ و بە پراکتیك هەوڵ بۆ جێبەجێکردنیان نەدراوە. لەسەر زەرورەتی یەکیەتی و لێکنزیکبوونەوەی سازمان و حیزبە سیاسیەکان و چۆنیەتی پێکهێنان و پێکەوە کارکردن زۆر بابەت نوسراوە و زۆر ئاخاوتن دراوە. بەو حاڵەش تا ئێستا لەسەرەتای کاردابن و هەنگاوێك نەچووینە پێشەوە و ئەگەر بوترێ لەوچەند ساڵەی دوایی دا چەندین هەنگاومان بەرەو دواوە ناوە راستمان گووتووە. لەدوای ئینشعابەکان بارودۆخی سیاسی زاڵ بە سەر زۆرێك لەحیزبە کوردستانیەکان ناسالم و تەم و مژاویە و ئاسۆییکیش بۆ رەواندنەوەی گومان و رق و ناکۆکی لایەنەکان لەیەکدی لانی کەم لەماوەیکی نزیك بە دی ناکرێ .

هەرلەوچوارچێوەیە دا لەماوەی رۆژانی رابردوو، شاهیدی شەرێکی تەبلیغاتی نەشیاو و نادۆستانە لەنێوان چەند لایەنی سیاسی کوردستان لەدژی یەکتر بووین کە بێ گومان خەمساردی لەحاست ئەو دیاردەیە و بەرەوپێدانی دەتوانێ زۆر زیانبار بێ بۆ خەباتی رزگاریخوازانە و حەق خوازانەی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران. بەڵام رێگە چارە چییە؟

به بروای من به لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە ئێستا دا وەدی هاتنی بەرەی کوردستانی یان هەر ئیتلافێکی دیکە لە نیوان هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دژوارە، پێویستە تا ئەو کاتەی زەمینە بۆ هاتنە دی ئەو خەونە لەمێژینەی کورد دەرەخسێ، بیر لەرێگەچارەیێکی خێرا و دەم و دەست و ساکار ، بکەینەوە. هەڵبەت نابێ کار بۆ وەدیهێنانی ئاواتی کۆکردنەوەی هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستان لەپاڵ یەك فەرامۆش بکەین و پێویستە بەردەوام لەهەوڵی لێکنزیکبوونەوە و هاوئاهەنگی هێزەکان بین .

ئەو رێگەیەی کە دەتواندرێ لە ماوەیێکی کورتدا و لەسەر چەند خاڵی هاوبەش بە هەنگاوێکی بەرچاو لەراست لێکنزیکبوونەوەی حیزبە سیاسیەکان و یان لانی کەم رەخسێنەرێکی شیاو بۆ کاری داهاتوو بگەین، ئامادە کردنی رێکەوتنامەیێك لەسەرچەندین خاڵی سەرەتایی و ئیمزا کردن و پێبەندبوونی سەرجەم حیزبە سیاسیە شۆرِشگێرەکانی کوردستان بەو رێکەوتنامەیەیە. سەرەرِای ئەو دەسکەوتەش خاڵی جێی سەرەنج لەپشت ئەو رێگەیە ئەوەیە بە ئیمزاکردنی ئەو رێکەوتنامەیە پێش لەرووداني کارەساتی نەخوازراو و خەسارەتی قەرەبوو نەکراوە لەئێستا و داهاتووی کوردستان دەگیرێ .

مۆر کردنی رێکەوتنامەیێکی لەم جۆرە بەهێندێك ئامانجی سەرەتایی لەنێوان سەرجەم هێزە شۆرِشگێرەکانی کوردستانی ئێران کە پەیوەستە بە لایەنی ئەخلاقی و مەعنەوی و هەست بە پرسیارەتی لەحاند نەتەوە نیشتمان، دەتوانێ رێگە بۆ هاوکاری و یەکێتی و تەبایی لەداهاتوو و بەرزکردنەوەی هەنگاوی گەورەتر خۆش بکات. یەکەمین خاڵی ئەو بەڵێن و رێکەوتنامەیە دەبێ ئەوەبێ کە بە هەموو شێوەیێك شەری براکوژی و خۆکوژی لەنێو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێران حەرام و قەدەغە بکرێ. ئەو دیاردەیە کە گەلی کورد زۆر زیانی لێ دیتووە نابێ هەرگیز جارێکی دیکە روو بداتەوە و پێویستە هەموو کارێك بکرێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رۆڵەی کورد بە دەستی یەکتر لەناو نەچن و چیتر داغ نەخەینە سەر جەرگی دایکانی نیشتمان. سەرەرای ئەوەش دەتوانین بە ووتوویژ لەسەر ئەو بابەتە خاڵی زیاتر وەك پێبەند بوون بە دیموکراسی و ئازادی فرەحیزبی و هەڵسوورانی سیاسی و ...هتد، تێدا بگونجێنین و قایمتر و پتەوتری بکەین و لەهەمان کاتیشدا رێگە بۆ لێکنزیکبونەوەیێکی گشتگیر تر و بەرفراوانتر خۆش بکەین .

به بروای من بیرۆکەی ئیمزاکردن و پێبەند بوون بە وەها رێکەوتنامەیێك لەئێستا دا یەکجار پێویستە و هەموو چین و توێژەکانی کوردستان بە تایبەت رووناکبیرانی کورد دەبێ بۆ گەیشتن بەو بابەتە گرینگە هەوڵ بدەن و کاری بۆ بکەین و بیخەینە ژێر پۆششی تەبلیغاتی و بیکەینە قسە و باسی رۆژانەیان.